# فاکتەرەکانی دابەشبوونی ئێراق بۆ سێ هەرێم بەرەو کوێ!

**رزگار سەعید**



دوای هەمو هەوڵەکانی حکومەتی ئەمەریکا بۆ سەکەوتن بەسەر بارە ئاڵۆزەکەی ئێراق لەڕوی ئاسیشەوە تا ڕادەیەک شکستی خوارد ، ئیدی پرۆژەیەی دابەش بوونی ئێراقی بەسەر سێ هەرێمدا نمایش کرد.

جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە تاڕادەیەک مەترسیدارە ، بۆیە پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت . بەتایبەت لەڕوی هەڵوەشانەوەی  هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی ئێراقی ، دوای جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیە ئەستەمە جارێکی دی ئێراق وەک وولاتێک بمێنێتەوە چونکە لێکدانەوەو یەکگرتنەوەی ئەو سێ پارچەیە دەبێتە خەون .وەک ئاشکرایە هەر لەدوا بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لەشاری بەسرە لەلایەن گۆردن براونی سەرۆک وەزیرانی نوێی بەریتانیا شاری بەسرە دەبێتە پێگەی گروپە شیعەڕادیکالەکان و بەو وێناو کەشەی هەیانە دەیانەوێت حکومەتێکی تایبەت بە خۆیانیان هەبێت ، دوور بێت لەهەموو پێکهاتەو ئاڕاستەکانی ژیانی ڕابردوو ،ئەم بۆچونەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە رۆژانە هەوڵی چەکدارکردنی هەوادارانیان دەدەن بۆ پارێزگاری کردن لەهەموو هەوڵێکی دژەوانە و لەناوبردنی دەسەڵاتەکەیان .سەرەتا دەسەڵاتەکەیان لەداخستنی دوکانی ئەلکهول و ڤیدیۆ و تۆمارگاکانەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە سەرئازادیەکانی مرۆڤ ولەبەرکردنی پۆشاکیان ،جگەلەدزەکردنەوە ناو پەروەردەو خوێندنگەکانەوە .ئەم سەرەتایە دەقاودەق سەرەتاکانی دروستبوونی حکومەتی تالیبانمان دێنێتەوە یاد کەچۆن توانیان بەهەمو شێوەیەک ئازادیەکانی مرۆڤ کۆنترۆڵ بکەن هەرچەندە حکومەتەکەیان تەمەنێکی درێژی نەبوو بەڵام توانی کاریگەریەکانی بڵاوبکاتەوەو تا هەنوکە ئەو کاریگەریە هێزێکی توند و بەهێزی خستوەتەوە .ئەو جیاوازیەی لێرەدا بەدی دەکرێت لەنێوان ئەم دوو بەرەیەدا ئەوەیە کە روبەری بەسرە ئەوەندە گەورە نیە بەئەندازەی ئەفگانستان تا بتوانرێت زۆرترین هێزی بەشەری کۆبکاتەوە ،بەڵام شاری بەسرە ژێرخانێکی دەوڵەمەندو بەهێز لەخۆدەگرێت ودەتوانێت بەو سەرمایە قەبەیە دەسەڵاتەکەی خۆی بەتەواوی بچەسپێنێت ،جگەلەحکومەتی ئێرانیش لەپشت هەموو هەوڵێکی لەم جۆرەوە دەوەستێت .

بەواتایەکی دی دەکرێت بڵێین شاری بەسرە دەبێتە جێنشینی شیعەگەرەکان و جگە لە شیعە کەسی دی بۆی نیە لەو شارەدا ژیان بگوزەرێنێت و ئەو هاوڵاتیانەی کەشیعە نین یان بەدەری لەناوچون دەچن یان دەرکردن ،ئەم سیناریۆیە هەمان سیناریۆی شاری کەرکوکمان دێنێتەوە یاد کەپاش چەندین ساڵ لەهەوڵ و کۆششی حکومەتەکانی ئێراق بۆ بەعەرەبکردنی ئەوشارە تا هەنوکە کێشەکان نەتوانراوە چارەسەر بکرێت ، لەکاتێکدا شاری کەرکوک بەهۆی کێشەی سیاسی و چارەسەرنەکردنی داوای کورد توشی ئەو بارە ئاڵۆزە بووەتەوە کە دەکرێت ئەو بارە ئاسایی بکرێتەوە و کێشە سیاسیەکانی تاڕادەیەک چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە بەڵام دابەشکردن و لەتکردن لەڕێی مەزهەبەوە ئەستەمە جارێکی دی ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت ، گەر چارەسەریش بکرێت زەمەنێکی درێژی پێویستە .

مانەوەی هەرێمی کوردستانیش بەو جۆرەی ئێستا جێی مەترسی دەبێت ، چونکە دەوڵەتە دراوسێکان هەمیشە پلانی جۆراو جۆر دادەنێن بۆ نائارامی لەهەرێمەکەدا ، گەر بەرتەواوی ئەو وپرۆژەیە جێبەجێ بکرێت ئەوە کاریگەریەکانی حکومەتی دراوسێ لەو پرۆسەیەدا بەشێوەیەکی بەرچاو خۆی دەنوێنێ ،ئەمەش فاکتەرێکە بۆ شەری لاوەکی تا دەگاتە شەڕێ ناوخۆ .مەبەست لەشەڕە لاوەکیەکان ئەوشەرانەیە کە گروپ و تاقمەکان چۆن لەسنورەکانەوە دزە دەکەنە ناو هەرێمی کوردستان و کێشەو بۆ گوندو شارەکانی سەرسنور دروست دەکەن {وەک دەبینرێت چەندی گروپ لەدیوی ئێرانەوە دزە دەکەنە ناو کوردستانەوە بەتایبەت لەسنوری پێنجوێنەوەو ئەودەڤەرەیان نائارام کردووە} تا دەگاتە ئەو کێشانەی تری دەسەڵات و حیزبایەتی .

لەکوردستان دوو پارتی سەرەکی بەهێزو گەورە هەیە و هەموو دەسەڵاتەکانیان دابەش کردووە ، لەهەمو کێشەکاندا بەیەکەوە چارەسەری دەکەن و زۆر جاریش بەیەک دەنگ و یەک زمان لەگەڵ بەرانبەرو جەماوەرەکەیاندا

دەدوێن .بەواتایەکی دی دەنگی سێیەم وجودی نیە گەر هەبێت دەبوایە دەنگێک، ڕەنگێک ،دەسەڵاتێکی هەبوایە ، نەبوونی دەنگی سێ { دەسەڵاتی سێ} بوونی ئەودەسەڵاتە کوردیە بۆ پێشێلکردنی ئازادیەکان دەمانخاتە گومانەوە ،چونکە گەر لەگەڵ هەموو کێشەیەکدا یەک چارەسەریان هەبێت و بەیەک دەنگ بدوێن ئەدی ڕەخنە لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت دەبێت ڕەخنە چی بێت و کێ بیگرێت ؟ یان ڕیفۆرم لەکوێوە دەست پێبکات ؟ لەکاتێکدا هەموو دەسەڵاتەکە قۆرخ کرابێت بۆ دوو دەسەڵات ئەمە بۆ خۆی زەنگێکی خەتەری دەسەڵاتی کوردیە بۆ تاکی کورد ،بەڵام ناکاتە ئەوەی هەموو بونیاتی دەسەڵاتەکەش ڕەتبکرێتەوە بەڵکو پێویستی بەچاکسازیە.

کاتێکیش حکومەتی ئەمەریکا دەیەوێت پشتگیری لەم پرۆژەی دابەشکردنە بکات تەنها لەبەر شکستی سەربازی و کشانەی هێزی سەربازیەکەیەتی ، جۆزیف بایدەنی دیموکراتخوازەکان دەڵێت { دابەشکردنی ئێراق بۆ سەرسێ هەرێم باشترین چارەسەرە بۆ کشانەوەمان لەو وولاتە} ئەم وێنایە پێچەوانەی بۆچونەکانی حکومەتی ئێستای ئەمەریکایە کە دابەش بکرێت لەسەر بنەمای ڕەگەزی ، ئەو پرسیارەی دێتە گۆڕێ ئەوەیە کاتێک ئەم پرۆسەی دابەشکردنە هاتە مەیدانی جێبەجێ کردنەوە ئایا حکومەتی ئەمەریکا ئێراق چۆڵ دەکات بۆ شەڕێ ناوخۆو ڕەگەزی و هاتنە ناوەوەی هێزە ناوچەیی و درواسێکان بەتایبەت ئێران ؟ یا خود بۆ هەر هەرێمێک پەیمانێکی ستراتیژی مۆر دەکات و بەپاڵپشتی هێزیە سەربازیەکانی ئەو هەرێمانە دەپارێزێت؟ ئەمە بۆ خۆی ئەو کێشەیەی حکومەتی ئەمریکایە چۆن مامەڵە لەگەڵ هەرێمەکاندا بکات لەکاتێکدا گەر دابەشی سێ هەرێم بوون لەسەر بنەمای ڕەگەزی ، هەرچەندە پێشتر تاقیکردنەوەی دابەشبوونی سرب و کرواتیەکان هەیە بەڵام ئایا ئەو تاقیکردنەوەیە لەئێراقدا تا چەندە سەرکەوتوو دەبێت؟

پێدەچێت دەسەڵاتی کوردو شیعە پشتگیری ئەم دابەشبوونە بکەن و بەبەشێک لەمافی خۆیانی بزانن ، ئەوەی ناڕازیبێت تەنها دەسەڵاتی سونەیە ،ناڕازی بوونی ئەوانیش بۆ لەدەستدانی ئەو سەرمایەیە دەگەڕێتەوە لەناوچەکانیاندا، کە سەرمایەیەک یان ژێرخانی دەوڵەمەندی تێدا نیە بەئەندازەی ناوچەی شیعەو کوردەکان بۆیە هەمیشە دژی ئەم جۆرە دابەشبوونانەن .